# سەرپەچییەکانی هاتووچۆی ئۆتۆمبێلەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق تۆمار دەکرێن



بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی گشتی عێراق ڕایگەیاند، سەرپەچییەکانی هاتووچۆی ئۆتۆمبێلەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق تۆمار دەکرێن.

عەمید نەسیر عەبدولسەتار، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکانی هاتووچۆی عێراق، دووپاتیکردەوە کە هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن لەگەڵ هەرێم هەیە سەبارەت بە تۆمارکردنی سەرپەچییەکان و وەرگرتنی غەرامە.

ناوبراو ئاماژەی بۆدا کە بەغدا دەستی بە تۆمارکردنی غەرامەی هاتووچۆ کردووە بە گشت ئۆتۆمبێلەکان، لەوانەش ئۆتانەی تابلۆی هەرێمی کوردستانیان پێیە.

کەبوونەوە و گفتوگۆکان لە نێوان هەردوولا بەردەوامن بۆ گەیشتن بە هێکەوتنێکی کۆتایی لەسەر میکانیزمی تۆمارکردن و وەرگرتنی غەرامە لە نێوان ناوەندەست و باشووری عێراق و هەرێم و بە پێچەوانەشەوە، کە بەیارەی ئەنجامەکانی لە دانیشتنی داهاتوودا ڕابگەیەنرێن.